# یانەکان و یاریزانان داوادەکەن خولی لاوان بکرێ

**یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ساڵانە وەکو بەرنامەو پرۆگرامی خۆی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی یارییەکانی خولی لاوانی یانەکانی کوردستان،بۆ١٤تیپی بەشدار بووی خولەکە،بەڵام بەشێوازی خولێکی یەك قۆناغی،لای هەموو کەسێکیش ئاشکرایە کەوا خولی لاوان بنکەیەکی فراوانە بۆدروست بوونی یاریزانان بۆ ڕیزی یەکەمی یانەکان،ئەمەش بە قوتابخانەیەك دادەنرێت بۆ بەتوانا بوونی یاریزانان، یاریزانان و یانەکان داوای ئەوە دەکەن،خولەکە بکرێتە دووقۆناغ بۆئەوەی زیاتر سوودی لێ ببینن، بۆئەم مەبەستەش ئەم ڕاپۆرتەمان ئەنجامدا.**

**ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی**

ئەنوەرمحەمەد ڕاهێنەری لاوانی یانەی ئارارات لە بارەی پیشکەوتنی خولەکە وتی «دەمەوێ دەست خۆشی لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکەم،کەوا ێ ساڵانە ەم خولە بۆیانەکانی کوردستان ئەنجام دەدات، بەڵام من بە بۆچوونی خۆم پێم باشە خولی لاوان بکرێتە دووقۆناغ، زۆر باشترە بۆیانەکانی کوردستان،یاریزانانیش سوودی زیاتری لێ دەبینن،چونکە بەیەك قۆناغ سوودێکی وای نابێت کە یاریزانەکان سودمەندبن لێی،بەیەك قۆناغ دەتوانین وەکو ئەزموون تێیدا بەشداربین، یانەکان زیاتر بۆئەوە بەشدارن کەوا سوود لە دروست کردنی یاریزان وەربگرن، واباشتریشە کەوا خولی لاوان لە وەرزی هاوین ئەنجام بدرێت . چونکە زۆربەی یاریزانەکانی یانەکان قوتابین ولەبەر تاقیکردنەوەکانی خوێندن زۆربەی یاریزانەکان مەشقەکان ئەنجام نادەن،ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی یاریزانان،وتیشی ئاستی یانەکانی ئەمساڵ زۆر بەرز بووە و ئێمەش تیپێکی بچووکمان دروست کردوە بۆئەوەی زیاتر لە خولەکە سوودمەندبین ..

شوان حافز سەرپەرشتیاری خولی لاوان لە بارەی خولەکە وتی «خولی لاوان ساڵانە ئەنجام دەدرێت،خولێکی زۆر خۆشەویانەکان گرنگی زۆر بە خولەکە دەدەن،بە بۆچوونی منیش ئەگەر خولی لاوان وەکو خولی نایابی لێ بێت زۆر باشترە چونکە یاریزانەکان و یانەکان سوودێکی زۆر لە خولەکە وەردەگرن،خولی تازە پێگەیشتوانیش بەتەنیا بۆیان ئەنجام بدرێت . بەیەك قۆناغ یاریزانان لەخولی لاوان هیچ هیوایەکیان بە خولەکە نابێت،زۆر لە یاریزانانی تیپەکان کەوا دەزانن خولەکە یەك قۆناغە لە نیوی خولەکە یانەکانیان جێ دەهێڵن،ئەوەش هۆکاری ئەوەیە کەوا بەدوو کارتی زەرد لە یارییەك بێ بەش دەبێت،،لە بارەی کێشەکانی خولەکەش،وتی ئەو خولە هیچ کێشەیەکی نییە، تەنیا ئەوەیە بکرێتە دووقۆناغ بۆئەوەی یانەکان زیاتر گرنگی بە خولەکە بدەن،یاریزانی زیاترسوود لە خولەکە وەردەگرن.

مامۆستا شاخەوان ڕاهێنەری لاوان لە بارەی پێشکەوتنی خولەکە وتی «خولی لاوانی ئەمساڵ خولێکی زۆر بەهێز بوو،بۆیە یانەکانی کوردستانیش لەسەرەتای خولەکە تاکو کۆتایی خولەکە لە ململانێدابوون،بۆبەدەست هێنانی نازناوەکە،وتیشی ساڵ بەساڵ،خولی کوردستان بەهێزتر دەبێت،پێشم باشە خولەکە بکرێتە دووقۆناغ بۆئەوەی یانەکان سوودی زیاتر لە خولەکە وەربگرن،تەمەنی یاریزانان هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە بۆئەوەی ئەو ڕاهێنەرەی تیپی لاوان زیاتر سوود لە یاریزانەکانی وەربگرێت.تا شوێن پەنجەی ڕاهێنەر لەگەڵ یانەکە دیار بێت،ئەگەر خولەکە دووقۆناغ بێت یاریزانەکان زیاتر چاو کراوەتر دەبن،

لادێ غازی ناوبژیوان لە خولی لاوان ئەویش وتی «من زۆر لە یارییەکانی خولی لاوان وەکو ناوبژیوانێك یارییەکانم بەڕێوە بردەوە یارییەکانیش لە ئاستی پێویست بووە،یاریزانەکانیش ئاستیان هیچ لە یاریزانەکانی تر کەمتر نییە،وتیشی بەڵام ئەگەر بکرێت بۆئەوەی خولی لاوان بەهێزتر بکرێت و یاریزانەکانیش زیاتر ئەزموون پەیدا بکەن،ببێتە دووقۆناغ زۆر باشتر



# ــــته دوو قۆناغ

دەبێت،ئەمە دەبێتە هۆكارێك بۆدروست بوونی یاریزان بۆهێڵەكانی یەكەمی یانەكان،یانەكانیش هەرچەندە گرنگی باش بە تیپی لاوان دەدەن، بەڵام هیوای ئەوەیان هەیە كەوا پێشكەوتنی خولەكە بە دووقۆناغ پێشدەكەوێت و یاریزانانی زیاتر دروست دەبێت،وتیشی لە خولی لاوان هیچ كێشەیەكی وا نەبووە شایەنی باس كردن بێت .

جێگرعەزیز یاریزانی یانەی ئارارات وتی «من وەكو یاریزانێك بەهیوای ئەوەم خولەكەی ئێمەش وەكو خولی نایابی لێ بێت.بۆئەوەی یاریزانانی لاوانیش بتوانن خۆیان بسەلمێنن لە خولەكە بتوانین بە ئاستی بەرزوئەزموونی خۆمان بگەینە تیپەكانی یەكەمی یانەكانمان،وتیشی ئێستا سوودی هەیە بەڵام ئەگەر بە دووقۆناغ بێت ئێمە هەموو یاریزانان هیوامان دەبێت لە خولەكە .

مەحمەد كاكەمین یاریزانی یانەی بروسك وتی «خولی لاوان ئەمساڵ لە ئاستێكی باش بوو، یانەكانیش گرنگی زۆریان بەخولەكە دابوو، هەموو یانەكانیش بەهیوای نازناوی جامەكە بوون،بەڵام ئەوەی ئێمە چاوەڕوانین لە خولی لاوان ئەوەیە بكرێتە دووقۆناغ سوودی زۆری لێ دەبینین، ئێمە بەنیازی ئەوەین ئەو خولە بكرێتە دووقۆناغ خۆمان لە ریزی یەكەمی یانەكانمان بدۆزینەوە .

شایەنی باسە نازناوی وەرزی ئەمساڵ بووە بەشی یانەی پێرسی شاری دهۆك بە كۆكردنەوەی ٣٠ خاڵ و یانەی هەولێریش پلەی دووەمی بەدەست هێنا .



لادێ غازی



ئەنوەرمحەمەد



مەحمەد كاكەمین



جێگرعەزیز





# فیفا دووپاتی دەکاتەوە جامی جیهانی ساڵی ٢٠٢٢دەکەوێتە زستانەوە

لیژنەی ئامادەکاری یارییەکانی جامی جیهانی ساڵی ٢٠٢٢لە وەرزی زستان دەبێت کە بڕیارە لە وڵاتی قەتەر ئەنجام بدرێت.

لیژنەی تەنفیزی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی فیفا ئەوەیان ئاشــکرا کرد کەوا جامی جیهان بەبێ هیچ دوودڵییەك لە وەرزی زســـتان ئەنجام دەدرێت،کە بڕیارە یارییەکانی لە ساڵی ٢٠٢٢لە وڵاتی قەتەر ئەنجام بدرێت پێشتر بڕیار بوو یارییەکانی لە وەرزی هاوین ئەنجام بدرێت،هەر چەندە ئەوە بڕیارییەکی سەرەتایە تاکو ئێســـتا بە کۆی گشـــتی ئەندامانی یەکێتیەکە دەنگی لەسەر نەدراوە،هۆکاری ئەنجام نەدانی یارییەکانی جامی جیهانیان لە وەرزی هاوین بۆئەوە گەڕاندەوە کەوا لە نیشـــتمانی عەرەبی لە وەرزی هاوین پلەی گەرمی زۆر بەرزە بۆیە کاریگەی خراپی لەســـەر یاریزانان دەبێت،بەڵام مەحەمەد بن هەمامی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ ئاسیا ئەوەی دووپات کردوە کەوا دەبێت،یارییەکانی جامی جیهانی لە وەرزی هاوین ئەنجام بدرێت،پرسی یەك لایی کردنەوەی ئەم کێشەیەش تاکو ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە .بڕیارەکە لە دەستی فیفا دەبێت.

## گواردیۆلا:
## ڕیال مەدرید حەوت رۆحە

ڕاهێنەری یانەی بەرشـــلۆنە پیپ گواردیۆلا ئەوەی ئاشـــکرا کرد،کەوا یانەی ریال مەدرید یانەیەکی بەهێز وبەپشلەی حەوت رۆحی ناساند.

بەرێوەبەری هونەری یانەی بەرشـــلۆنەی یەکەمی ریزبەندی یانەکانی خولی ئیســـپانیا گواردیۆلا دوای ئەوەی یانەی ریـــال مەدرید لە دواین یاری خۆیدا لەبەرامبەر یانەی ئەلمیریا تووشـــی یەکسان بوون هات وبەم هۆیەش یانەی بەرشـــلۆنە توانی سەرکەوێت بەسەر یانەی مەلەگا،بۆیە کۆی جیاوازی خاڵەکانی بۆچوار خاڵ بەرز بووە تاڕادەیەك بووە پاڵەوانی قۆناغی یەکەم،بۆیە ڕاهێنـــەری یانەی کاتالۆنی ئەوەی دووپات کردوە کەوا یانەی ریال مەدرید وەکو پشیلەی حەوت رووح وایە هەموو کاتێ دەتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە،وتیشـــی ئێمە تەنیا بە ســـەرکەوتنمان بەسەر یانەی ریال لە قۆناغـــی دووەم دەتوانین ســـەرکەوین و نازناوەکە بەدەست بهێنین، وتیشـــی یانەی ریال مەدرید بە رۆحیەتێکی بەرز یـــاری دەکەن هەموو کات ئاماژەشـــی بـــەوە کرد ئێســـتا تیپەکەی بـــە بارودۆخێکی بـــاش تێپەڕ دەبێت .بۆیە دەتوانیـــن ئەنجامی باش تۆماربکەین.



## بەرشەلۆنە بیر لە یاریزانێکی شەیتانە سوورەکان دەکاتەوە

ڕاهێنـــەری یانەی بەرشـــلۆنەبیر لـــە یاریزانی یانەی مانچســـتەر یونایتد ڕافائێل سلیڤا دەکاتەوە بۆشوێن گرتنەوەی دانیاڵ ئەلڤێس.

دوای ئەوەی دانیال ئەلڤێسی یاریزانی هێڵـــی بەرگری یانەی بەرشـــلۆنە وهەڵبژاردەی بەرازیل بەشـــێوەیەکی لەناکاو مانەوەی خۆی لەگەڵ یانە کاتالۆنیەکـــە دیار ئاشـــکرا نەکرد،چونکـــە داوای پارەیەکـــی زۆر دەکات لە یانەکەی،ڕەنگە لە گواســـتنەوەی زستانە بچێتـــە یانەیەکی تری خولەکانـــی ئەورووپـــا بۆیە ئێســـتا یانەی بەرشـــلۆنە لە هەوڵـــی جێگرتنەوەی ئەو یاریزانە هەوڵـــدەدات یاریزانـــی یانـــەی مانچســـتەر یونایتـــدی ئینگلیزی بەرەگـــز بەرازیلی ڕافائیل ســـلیڤا دەکاتەوە،کارگێڕانی یانەی بەرشلۆنە بەهـــۆی سەرســـوڕمانی گواردیۆلا بەم یاریزانە بەهەرنرخێـــك بێت،نیازییان ڕازی کردنیەتی بەڵام فێرگسۆنی ڕاهێنەری یانەی شەیتانە سوورەکان وتی بەهیچ شێوەیەك دەست بەرداری نابین ئـــەوە دواڕۆژی یانەی مانچستەرە.





## میسی پێوەندی بە یانەی کۆمۆ کردبوو بەڵام؟

سەرۆکی یانەی جەنەوای ئیتاڵی ئەنریکۆ بریز یوسی کە پێشتر سەرۆکی یانەی کۆمۆ بوو وتی: زۆر نزیك بوو باشترین یاریزان لە جیهان و ئەوروپا لیونیل میسی بهێنینە ریز یانەکەمان و هەروەها وتیشی میسی زۆر خۆشحاڵ بوو یاریمان بۆ بکات بەرامبەر تەنیا ٥٠ هەزار یۆرۆ، بەڵام دەستەی کارگێڕی ڕەزامەندی لەسەر ئەو بۆندە نیشان نەدا و منیش تا مردن پەشیمانم لەسەر ئەو کارەی یانەی جەنەوا، جێگەی باسە کەسوکاری میسی زۆر هەوڵیاندا تیپێك بدۆزنەوە کە بۆندێکی بۆ میسی مۆر بکەن و داهاتەکەشی تەرخان بکەن بۆ نەخۆشییەکەی ئەو یاریزانە کە رۆژ بەرۆژ باڵاکەی لە کورتی دەدا، ئەمەو کەسوکارەکەی هیچ وەڵامێکیان لەهیچ یانەیەك پێنەگەیشت و پاشان یانەی کەتالۆنی باوەشی خۆی بۆ ئەم ئەستێرە کردەوە و هێنایە پەیمانگەی یاریزانی تایبەت بە یانەکەی، میسی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بەپەلە سەرکەوت لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە تا گەیشتە ئەوەی ببێتە باشترین یاریزانی جیهانی، ئەمەو یانەی کۆمۆ ئەو کات دەسەڵاتی نەدابووە سەرۆکەکەی کە بۆند لەگەڵ یاریزانانی ئەمەریکای باشوور مۆر بکات بەتایبەتی یاریزانی ئەرژەنتینی..

## ریبیری کەی دەگەڕێتەوە؟

بەڕێوەبەری هونەری یانەی بایرن میونخ لویس ڤان گال وتی: دەبێ ئێمە چاوەڕوانی ئەنجامی راپۆرتی پزیشکی ببین دەربارەی پێکانەکەی فرانك ریبیری و بزانین ئەم یاریزانە بەم زووانە چاك دەبێتەوە یان نا، ریبیری ماوەیەکی زۆرە بەهۆی پێکانەوە لە یانەی بایرن میونخ دوورکەوتۆتەوە، ئەمەو ریبیری لە لێداونێکدا بۆ گۆڤاری کیکەر وتی: ئێستا توانای جەستەییم زۆر باشە و دەتوانم بگەڕێمەوە دۆخی جاران و هەروەها وتیشی هەوڵ دەدەم هەڵەکانی پێشوو دووبارە نەکەمەوە و زۆر پەندم لەساڵی ٢٠١٠ وەرگرت.




## تراباتۆنی و هەڵبژاردەی فاتیکان

سەرەڕای ئەوەی جیوفانی تراباتۆنی یەکێکە لە راهێنەرە سەرکەوتووەکانی خولی یانەکانی ئیتاڵیا و هەروەها بە پیاوێکی توندڕەو ناسراوە بەرامبەر یاریزانان و دەزگاکانی راگەیاندن، راهێنەری کۆماری ئێرلەندە تراباتۆنی ڕەزامەندی خۆی نیشاندا کە سەرپەرشتی هەڵبژاردەی فاتیکان بکات لەدوارۆژدا، ئەم بڕیارەی تراباتۆنی چاوەڕواننەکراو بوو لەنێو نێوەندە وەرزشییەکان لەبەر ئەوەی فاتیکان یەکێتیەکی فەرمی نییە و بۆیە ناتوانێ بەشداری پاڵەوانەتییەکانی کیشوەری و جیهانی بکات و هەروەها ئەندامیەتی لە یەکێتی ئەوروپا و فیفا نییە، تەنیا دەتوانێ بەشداری لە یاریی بۆنەکان و ئایینییەکان بکات، تراباتۆنی ئەوەشی ئاشکرا کرد یەکێك لە فاتیکان داوای لێکردووە کە سەرپەرشتی ئەو تیپە بکات و ئەویش ڕەزامەندی نیشانداوە، بەڵام دوای وازهێنانی بواری راهێنەرایەتی بەشێوەیەکی فەرمی لەگەڵ هەڵبژاردە و یانەکان، تراباتۆنی تەمەن (٧٠) ساڵ ئامادەیی پاڵەوانەتییەك بوو کە فاتیکان ساڵانە بۆ قەشەکان و ئەوانەی تازە پێوەندییان بە بارەگای بابەوی کردووە..



# چیرۆکی ژیانی یاریزانی رووسی ماریا شارابۆڤا



**((رزگار بوون لە کارەساتی تشیرنۆبل))**

ماریا وەیان مارشا کە کەسوکاری ناویان دەبرد بە سەر سورۆمانییەوە لە کارەساتی تشیرنۆبلی ئەتۆمی رزگاری بوو کە ئەوکات لە سکی دایکی دا بوو و داپیری دەڵێ ئێمە لە شوێنی کارەساتەکە زۆر نزیك بووین و منداڵەکان و خەڵکەکە زۆری بە نەخۆشی شێرپەنجە مردن و ئەوەی ئێستاش ماوە کە لەتەمەنی شارابۆڤایە هەمان نەخۆشی هەیە، دایك و باوکی هیلاکیەکی زۆریان دیت کە توانیان خۆیان رزگار بکەن کە شارابۆڤاش لەسکی دایکی دابوو چوونە شاری (ناگایان)ی پیشەسازی لەناوچەی سیبیریا ئەوکات رووسیا لەژێر راددەی هەژار دەژیا و باوکی لە کارگەریەك کاری کرد تا توانی هەندێك پارە کۆ بکاتەوە تا بگەینە شاری سوشی لەسەر رووباری رەش و هەر لەوێ ئەم ئەستێریە هاتە دنیاوە و سەرنجی جیهانی بۆخۆی راکێشا و یوری باوکی شارابۆڤا بوو دەیوت شارابۆڤا هێشتا منداڵە باڵای بەقەد دارەکەی دەستی نابێت و چۆن دەتوانێ یاری بکات و خۆشی راهێنەری بوو، لە رووسیا قوتابخانەی منالآن بوو بۆ دەبوایە شاراپۆڤا بەداری پیاوان مەشقی بکردبایە.

**((قۆناغەکانی شارابۆڤا))**

لە چوار ساڵی دەستی بەیاری تێنسی سەرزەوی کردووە و لە شەش ساڵیدا بەشداری لە پێشانگای تێنسی لە رووسیا کردووە، کە لەهەمان کاتدا مارتینا ناڤراتیلوڤاش بەشدار بوو و دواتر مەشقەکانی لە پەیمانگەی بولیتری لە فلۆریدا دەست پێکرد و ماوەی دوو ساڵ لە کەسوکاری دوور کەوتەوە بەهۆی نەبوونی ڤیزا و کەمی پارەوپول.

**((نازناوەکانی شارابۆڤا لە مێژوو))**

لە ژیانی یاریکردنیدا (٢٢) نازناوی پیشەگەری وەرگرتووە لەوانە (٣) پاڵەوانیەتی لە گەورە

**((زەنگی لە دایکبوونی ئەستێرەیەك))**

چوونی ئەو منداڵە لە سیبیریای ساردی رووسیا بۆ شاری فلۆریدای ئەمریکی کە بە گوڵ داپۆشرابوو ئەمەش بۆ دایك و باوکی دەگەڕێتەوە کە هەوڵ و کۆششێکی زۆریان دا تا ئەم ئەستێرەیان دروستکرد، سەرەتای ژیانی ئەم ئەستێرەیە لە پەیمانگەی بولتیری لە شاری مەیامی بوو کە چەندین پاڵەوان و کەسایەتی تێنسی سەرزەوی لێ دەرچووە، لەوانە ئەندرێ ئەگاسی و جیمی کوریێر و مۆنیکا سیلش، خەونەکە لە ٧٠٠ دۆلارەوە دەستی پێکرد کە لە سیبیریاوە سەفەریان کرد بۆ ئەمریکا و دایك و باوکی لەگەڵیدا بوون دواتر کە تەمەنی بووە (٧) ساڵ بۆماوەی دوو ساڵ لە دایك و باوکی دابڕا و چۆن ئەم کچە شۆخ و شەنگە توانی خەونی دایك و باوکی بهێنێتە دی و سەفەری دوبەی بکات و بەشداری لە یەکەم پاڵەوانیەتی بکات و بووە جێگەی خۆشحاڵ بوونی ئامادەبووان.



**هیچ منداڵێك نییە لە جیهان تۆپ لە دیوار نەدا و بۆ خۆی نەگەڕێتەوە، بەڵام كچە منداڵی رووسی ماریا شارابۆڤا لە تەمەنی چوارساڵی دەرگا لە بەرامبەری كرایەوە و دواڕۆژێكی بۆ رەخسا كە هەموو منداڵێكی جیهانی خەونی پێوە دەبینێ، ئەم رۆژە بوو كە ئەستێرەیەكی تێنسی سەر زەوی هاتە دنیاوە....**

پاڵەوانیەتییەكانی جیهان و چەندین جار توانیوویەتی ببێتە یەكەمی ریزبەندی جیهانی و ساڵی (٢٠٠٥) یەكەمین كچی رووسی بوو كە هاتە پلەی یەكەم و ئەمەی خوارەوەش ناوی چەندین پاڵەوانیەتییە كە پلەی یەكەمی وەرگرتووە ((ویمبلدۆن ٢٠٠٤ / ئەمریكا ٢٠٠٦/ ئوستراليا ٢٠٠٨/ تۆكیۆ ٢٠٠٣/ كەنەدا٢٠٠٣/سیئۆل و تۆكیۆ ٢٠٠٤/پەرمەنگهامی ٢٠٠٥/ ئەندیان وێلز و زیوریخی ٢٠٠٦) ..

**((ریكلام و نمایشی جلوبەرگ))**

شارابۆڤا لە مێژووی ژیانی حەزی لە سەماكردن بووە و زۆر لە كاتەكانی لە سینەما بردۆتە سەر و بۆیە زۆربەی كۆمپانیاكان ناوی شارابۆڤا و وێنە جوانەكانیان بۆ ریكلام بەكارهێناوە و بڕی (١١،٥) ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە و بۆندێكی لەگەڵ كۆمپانیای سۆنی ئەریكسۆن بۆ ماوەی (١٠) ساڵ مۆر كردووە بەبڕی (٢٥) ملیۆن دۆلار.

((شارابۆڤا كچێكی سەرنج راكێشە))

ساڵی (٢٠٠٥) زیاتر لە (١٠٠) كەس لە راپرسێك بەشدار بوون كە گۆڤاری سپۆرتی ئەمریكی ئەنجامیدا بوو بۆ جوانترین كچی وەرزشوان شارابۆڤا توانی پلەی یەكەم وەربگرێ و بەشداری لە چەندین نمایشی جلوبەرگ كرد و سەرنجی ئامادەبووانی راكێشا بەو جلوبەرگەی دەیپۆشی.

**((شارابۆڤا و كاری خێرخوازی))**

یارمەتی و هاوكاریكردنی هەژاران كاری ئەم ئەستێریە بوو لە كارە خێرخوازییەكانی بەردەوام بوو و پارەیەكی زۆری بەخشی بە كارەساتی تسونامی و كارە تیرۆریستیەكەی قوتابخانەی بیسلان لە باكووری قۆقاز و چەندین كاری خێرخوازی دیكە.



**((شارابۆڤا لە چەند دێرێك))**

- لە ١٩ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ لە شاری ناگایانی رووسی لە هەرێمی سیبیریا لەدایكبووە.
- ئێستا لە شاری برادنتۆن لە فلۆریدای ئەمریكا ژیان بەسەر دەبات.
- رەگەزنامە: رووسی
- درێژی:٦،٢ پێ
- كێشی :٥٩ كیلو گرام
- شێوازی یاریكردن: بە دەستی راستی
- جلوبەرگ: لە كۆمپانیای نایكی
- جۆری رێكت: برنس
- ئەو كۆمپانیایانەی كاری بۆ دەكەن: مۆتۆرلا بۆ تەلەفۆنات، بۆنی بارلۆكس، كانۆن ئەلكترونیات، كاتژمێری تاك هیور، هوندای ژاپۆنی، كولیكت بمۆلیف .
- حەزو ئارەزوو: گۆرانی-سەما- سەیركردنی فلیمی سینەمایی و حەز لە خوێندنەوەی كتابی شارلوك هۆڵمزی پۆلیسی دەكات.
- خواردن و خواردنەوە: حەز لەخواردنی رووسی و تایلەندی دەكات و حەزیش لە خواردنەوەی فەراولە دەكات.